www.kurdistannet.org
18-7-2007 16:16 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هاواری دەرون!! ... نەجمەدین شێخ بزێنی



ئەوا پیربوم تەمەن ڕۆیی
کەچی نازدار تۆ نەهاتی
لە پێناوتا ژینم بەخشی
کەچی تۆفریام نەکەوتی
بەختم ڕەشە یانەزانبوم
کەتۆفریشتەی بەهەشتی
******

من کەدیلی دەستی تۆبوم
پێتم ووت کاتێ کەهاتی!

کەزانیت مۆمو پەروانەین
بۆ سوتانمت بەبێ بەختی
یاسای خۆشەویستی وایە؟
هەژار بکوژی بەسەربەستی!
******

من کە داماوو هەژار بوم
ڕوم لەدەرگای بەهەشتتکرد
کەی ڕەوابو دەرگات داخست
لەو بەهەشتە بێ بەشمتکرد
دەك ئۆبالْم بەگەردەنت
کەپیرو دەست خەڕۆمتکرد
******

تاوانم چیبو هەی زالْم
شەرمەزاری ژیانمتکرد
هەر بەوە دلْخۆشبوی قوربان
وەکو شێخ تۆبەت بەمن کرد
ئەی چی ئەکەی لەودلْەی خۆت
کەشەرمەزاری دلْمت کرد

2007-6-4 - سوید

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.